ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕۆشنبیراندا

## نورەدین وەیسی:

# کە هەواڵی دڵتەزێنی کوشتن یا خۆسووتاندنی کچان و ژنانی کوردستان دەخوێنمەوە، هەست بەوپەڕی شەرمەزاری دەکەم



نورەدین وەیسی ساڵی ١٩٧٥ لەدایکبووەو دوای هەرەسی ١٩٧٥ خێزانەکەی ئاوارەی ئێران دەبێ پاش گەڕانەوەیان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بۆ ناسرییە دوور دەخرێتەوەو ساڵی ١٩٧٩ دێنەوە کوردستان، نورەدین لەکاتی خوێندنی ناوەندی بەهۆی نێوبانگی بنەماڵەکەیەوە فشارێکی زۆری بوونە بەعسی لەسەر بووە، هەر بۆیەش وەستانەوە سەر سەختەکەی لەقوتابخانەدا دژی بەعسیبوون دەنگی دابووەوە. نورەدین کە لەمنداڵی و ماڵی خۆیشیدا یاخی و ڕەخنەگربوو وەك نووسەرێکی ڕەخنەگر خاوەن نێوبانگێکی گەورەتر لەتەمەنەکەیەتی:

*** دەڵێی هەندێك جار لە نووسین بێزار دەبیت و کەمتر دەنووسی؟**

– لەوەتەی دەستم بە نووسین کردووە قەت خۆم وەکو نووسەرو ڕۆژنامەنووس نەبینیووە هێندەی ویستوومە وەکو کەسێك دەنگم هەبێت، بۆیە من خۆم بەخوێنەرێکی باشیش نازانم هەتا نووسەر، لەوەتەی هاتوومەتە ئێرەو خەریکی فێربوونی زمانی ئینگلیزیشم ڕۆژ بەڕۆژ تێدەگەم من چەند نەخوێندەوارم، هەر بۆیەش پتر خەریکی خوێندنەوەم، هەرچەندە بەداخەوە ڕەوشی کوردستان و زۆرداری و ڕەفتارە نارەواکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان زۆرجار پەلکێشی ئەوەت دەکەن کە هەر چۆنێك بێت دەنگی نارەزایەتی خۆت هەڵبڕی و خەریکی نووسینی ڕۆژانەو کۆمێنتاری بیت.

*** ئایا ئازادی ڕۆژنامەگەریی لەئایندەیەکی نزیکدا لەکوردستاندا پەیدا دەبێ؟**

– دۆستی دڵسۆزی کورد مامۆستا سمایل بێشکچی کوردستان بە کۆلۆنییەکی نێودەولەتی دادەنێت، هەنووکە باشووری کوردستان بە بۆچوونی من کۆلۆنییەکی پارتی و یەکێتییە، ئەوان دەسەڵاتیان مۆنۆپۆل کردووەو بڕیاریان لەسەر داهاتووشداوە کە هەر خۆیان فەرمان ڕەوا بن، ئەوەی تائێستا دژی خەڵکیش نەیانکردووە ئەوە لەسەنگفراوانی و باوەڕبوون بەئازادیبوونەوە نییە بەڵکو بۆیان ناچێتە سەر بیکەن، دەنا من دڵنیام ئەگەر بۆیان بکرێ لەبەعسیش خراپتری دەکەن، باسی وڵاتانی پێشکەوتوو ناکەم، بەڵام باوەڕ بکەن ئەو ئازادییە ڕۆژنامەگەرییەی لەئێران و سودان و یەمەندا هەیە هەر بەراورد ناکرێ لەگەڵ کوردستان، دیارە ئەمە مانای ئەوەش نییە کە هەر هەموو تاوانەکە لە ملی دەسەڵات بێت چونکە بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی لەمیدیای کوردیدا ئیش دەکەن کەسانی ملکەچن و لەوانەن کە دەستیان بەکڵاوی خۆیانەوە گرتووە با نەیبات.

*** تاکەی ڕەخنە دەگری؟**

– لە کن من ڕۆشنبیر یەك پەیامی هەیە ئەویش ڕەخنەگرتن و بەرچاو ڕوونکردنەوەی خەڵکییە، بۆیە ڕەخنە هیچ کاتێکی نییە بۆ ماڵئاوایی لێکردنی، مەگەر تەنها لای ئەوانە نەبێت کە بۆ مەبەستی کەسیی و وەکو فشارو بۆ ئیبتیزازکردن لێرەو لەوێ هەندێ گلەیی و نووزە نووز بەناوی ڕەخنەوە دەکەن.

*** باشە فەرهاد پیربالْ بۆ گوتی ڕۆیشتنی تۆ بێ ئەدەبی بوو؟**

– لەکوردستاندا پەیوەندییەکی دۆستانەم لەگەڵ فەرهاد پیربالدا هەبوو، کە تووشی تەنگ پێهەڵچنینیش بوومەوە پیربال لەو نووسەرە دەگمەنانەی کوردستان بوو کە گوتی ئامادەم پشتیوانیت لێبکەمو ئیمزات بۆ کۆبکەمەوە، ڕەنگە مەبەستی لەو قسەیەش ئەوە بوو بێت کە مانەوەی من لە کوردستان باشتر بوو، وەك دەزانن بەم دواییانە وتارێکی توندم لەسەری نووسی و ئەویش دواتر لەدیدارێکدا ناراستەوخۆ پەشیمانبووەوە لەقسەکانی کە گوایا ئەو مەبەستەی نەبووە کە من لێیتێگەیشتووم، هیوادارم کێشەکەی لەگەڵ زانینگەی سەلاحەدین چارەسەر بووبێ بۆ ئەوەی تووشی شفتی فرۆشتن نەبێ.

*** حەزت دەکرد بچییە دەرەوە؟**

– درۆیە ئەگەر بڵێم قەت بیرم لێی نەکردۆتەوە بەتایبەتیش کە من کوڕی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی داخراو بوومو ڕووبەڕووی زۆر کێشەو ئاستەنگی کۆمەڵایەتی دەبوومەوە بۆیە چوونە دەرەوەم وەك فریادڕەسێك دەبینی، بەڵام گەیشتنم بە نیمچە مەحاڵ دەزانی چونکە نەمدەویست سەرکێشی بەژیانی خۆم بکەم بۆیە قەت بەرنامەم بۆ دانەنابوو تا دواجار ناچاربووم ئەو بڕیارە بدەمو لێشی پەشیمان نیم چونکە سەفەر کردن تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا.

*** کەی دێییەوە؟**

– ئەوە ئەو پرسیارەیە کە من و سەدانی وەکو من ڕۆژانە لەخۆیان دەکەن، ئەو هۆکارانەی وایان لێکردم کوردستان بەجێبێڵم بەزیادەشەوە هەر ماون، بۆیە نایشارمەوە هەندێ جار ئارەزووناکەم بەسەردانیش بگەڕێمەوە.

*** تۆ لەکوردستاندا مووچەیەکی باشت هەبوو ڕۆیشتی، کەچی ئێستا خەڵك بۆ مووچەی باش لە ئەورووپاوە دێنەوە کوردستان؟**

– پێم ئاساییە خەڵك لە ئەورووپا بگەڕێنەوەو مووچەی باشیشیان هەبێت، خۆ کوردستان مولکی پارتی و یەکێتی نییە، بەڵام ئەگەر کەسێك لەبری چاوپۆشی کردن لەتاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان و پاساو بۆ هێنانەوەیان ئەو مووچەیەی پێبدرێت ئەوە لە خۆفرۆشی زیاتر هیچی دی نییە.

*** کچێك دەتوانێ پەلکێشت بکاتەوە کوردستان؟**

– ئەگەر مەترسی لەسەر ژیانی هەبێ و بەگەڕانەوەی من لە مردن ڕزگاری ببێت بەیانی دەگەڕێمەوە، بەڵام ئەگەر بۆ هاوسەرگیری و پەیوەندی بێت، خۆ ژن لێرە قڕیان تێنەکەوتووە، لە هەموو ڕەنگ و نەتەوەیەك هەن.

*** کچانی کەنەدیت پێ جوانترن یان هی کوردستان؟**

– جوانی کچانی ئێرە لەوەدایە تاڕاستێکی زۆر ئازادن و خۆیان بڕیار لەسەر ژیانی خۆیان دەدەن، دیارە هەموو ژنێك حەز دەکا ئازاد بێت مەگەر تەنها مێشکی شووڕابێتەوەو چێژ لەژێردەستەیی خۆیەوە ببینێ، لەکوردستاندا ژن حیسابی مرۆڤی بۆ ناکرێت و هەموو دەرفەتەکانی بەڕوودا داخراوە، بەمەش زۆربەی جوانییەکانی کوژراوە.

*** لەوێش شیعر دەنووسی؟**

– ئەمنیش وەك زۆر خەڵکی دیکە بە شیعر نووسین دەستم پێکردو هەندێکیشیانم لەسەرەتای ڕاپەڕین لەڕۆژنامەکاندا بڵاو کردنەوە، بەڵام ئێستا جاروبار نەبێ دەنا شیعر ناخوێنمەوەش.

*** دەڵێن بە دوو ساڵ لەخۆت گۆڕاوی و وادەزانی هاووڵاتییەکی کەنەدی؟**

– هەرچەندە نازانم مەبەستتان لەو پرسیارە چییە، بەڵام بەڕاستی پێشم سەیرە کەسێك ئەگەر تەنها دوو مانگیش لێرە یا هەر وڵاتێکی پێشکەوتووی دیکە بژی، نەگۆڕێت و ئەو تایبەتمەندییە جوان و باڵایانەی ئێرە هزرو بیرو ڕەفتارەکانی بەرەو پێشەوە نەبا، ئەوە تەنها بەرپرسەکانی کوردستانن کە بەساڵان لەئەورووپا ژیاون و پاسپۆرتی ئەوانیان لەباخەڵدایە کەچی هیچ شتێك لەبارەی دیموکراسی و ئازادی و پێشکەوتنی ئەوێ فێرنەبوون!.

*** ئەگەر بێییەوە کوردستان بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی کەنەدا دەکەی؟**

– کەنەداو وڵاتانی دیکەی پێشکەوتووی دنیا بەبەهاکانیانەوە جوانن وەك دیموکراسی و سکولاریزم و ڕێزگرتن لەجیاوازی و ئازادییە کەسییەکان کە من لەکوردستانیش هەمیشە داکۆکیم لێیان کردووەو لەهەر کوێیەکیش بم بەرگرییان لێدەکەم.

*** ئەگەر دەعوەتێکی شیراتۆن و سلێمانی پالاس بکەن دێییەوە؟**

– شەرمەزارییە بۆ ئەوانەی لە شیراتۆن و سلێمانی پالاس و کۆشکەکانی دی لەسەر پارەی دزراوی کوردستان دەلەوەڕێن، کەچی چەند کیلۆمەترێکیش لەدووری ئەوانەوە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات و باکوورو کەسوکاری ئەنفالەکان نان نییە بیخۆن و لەکولەمەرگیدا دەژین.

*** برادەرەکانت بەوەفا بوون بۆت؟**

– من چ بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی ماڵباتەکەمەوە یان بەهۆی کارکردنم لەراگەیاندنەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵکم دەناسی، بەڵام لەوەتەی هاتوومەتە دەرەوە پەیوەندیم تەنها لەگەڵ دوو سێ کەس ماوە، گلەییم لەکەسیان نییە، چ ئەوان و چ منیش خەریکی ژیانی خۆمانین.

*** قەت بۆ برادەرەکانت لە کوردستان و بۆ وڵات دەگرییێ؟**

– هاوڕێ و دۆستەکانم هەمیشە لەیادە، بەڵام قەت بۆیان نەگریاوم، بەڵام دەیانجار بۆ دایك و خوشکەکانم و ژنانی بەشمەینەتی کوردستان گریاوم، کە لەڕۆژنامەکاندا هەواڵی دڵتەزێنی کوشتنی یا خۆسووتاندنی کچان و ژنانی کوردستان دەخوێنمەوە، هەزار تف لە خۆم دەکەم کە کوڕی کۆمەڵگایەکم ئاوا دڕندانە ڕەفتار لەگەڵ ژنان دەکا، هەست بەوپەڕی شەرمەزاری دەکەم کە هیچم لەدەست نایێ بۆ ڕێگرتن لەو تاوانانە، پارتی و یەکێتی ئەگەر هیچ تاوانێکیشیان نەکردبێ ئەوەندەیان بەسە کە لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا سەدان ژن کوژراون.

*** ئەگەر بۆت بلوێ حەز دەکەی لەکام شاری کوردستان بژی؟**

– زۆرجار ئیشەکەت شوێنی نیشتەجێبوونت دیار دەکا، بەڵام ئەگەر وەکو حەز بێت سلێمانی هەڵدەبژێرم چونکە شارێکە بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی ترکراوەترەو پترو زووتر خۆی لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکان دەگونجێنێ، ئەگەر ئەو چەند ساڵانەی ڕابردووش پارتێکی سۆسیال دیموکراتی ڕاستەقینە فەرمانداری سلێمانی بووایە ئەوە دڵنیام ئەو شارە زۆر پێشدەکەوت.

*** ڕێبوار کەریم وەلی دڵی لێت ئێشابوو، ئاشتت نەکردووەتەوە؟**

– دەمێکە پەیوەندیم لەگەڵی پچڕاوە، بۆیە نازانم لەسەرچی دڵی ئێشاوە!

*** چ گۆشەنووسێکی کوردستانت پێ باشە؟**

– لەوەتەی هاتوومەتە دەرەوە دەرفەتی ئەوەم نییە بە بەردەوامی ڕۆژنامەو چاپەمەنییەکانی کوردستان بخوێنمەوە بۆیە زۆر ئاگام لە گۆشەنووسەکان نییە، بەڵام گۆشەکەی گۆران محەممەدم پێ خراپ نییە.

*** ئەی کام نووسەری ژن؟**

– بەگشتی حەزدەکەم نووسینی ژنان بخوێنمەوە بەتایبەتیش ئەوانەی هاوڕێمن و لەنزیکەوە دەیانناسم.

# زۆربەی لێکۆڵەرەکان ئێواران ئیش دەکەن، هەمانە ئیشی تەکسی دەکات

لێکۆڵەرێکی داد

**تۆڵە مەهدی- هەولێر/** لێکۆڵەرە دادییەکانی ناو دیوانی وەزارەتی دادو دادگاکان و فەرمانگاکان نارازین لەوەی کەنیوەی دەرماڵەی مەترسیان بۆ سەرفکراوەو ئەمە بەغەدر لەقەڵەم دەدەن.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٠ لێکۆڵەرە دادییەکان خۆپیشاندانی نارەزاییان بۆ بەردەم وەزارەتی داد سازکردو لەوێش ویستیان بەرەو ئەنجومەنی وەزیران بەڕێ بکەون، بەڵام بەهۆی نەبوونی مۆڵەت ڕێگایان پێنەدرا.

وەك لێکۆڵەرە دادییەکان باسیان کرد، کەنزیکەی ساڵێك لەمەوبەر لەبەغدا بڕیاری زیادکردنی دەرماڵەی ترسناکی (خطورة) بۆ لێکۆڵەرەوەکان دەرچووە کە بڕی ٢٠٠ هەزار دینارە، ئەو بڕیارە لەکوردستان جێبەجێ دەکرێ، بەڵام نیوەی دەرماڵەی بڕیاردراو سەرف دەکرێت.

سەرەتا ئەو بڕیارە تەنها ئەو لێکۆڵەرە دادیانەی دەگرتەوە کە لەبنکەکانی پۆلیس دەوام دەکەن. لێکۆڵەری داد کازم ساڵح باسی لەوەکرد کەوەزارەتی داد بەنووسراوێك داوای لەوەزارەتی دارایی کردووە کەدەرماڵەی ترسناکی بۆ ئەو لێکۆڵەرە دادیانە زیاد بکرێت کە لەدیوانی وەزارەت و دادگاکان و فەرمانگەکان کاردەکەن و دەڵێ لەنووسراوەکە هاتووە کەزۆربەی لێکۆڵەرە دادییەکان داوای گواستنەوە بۆ بنکەکانی پۆلیس دەکەن، بنکە پۆلیسیەکانیش پڕبوونەتەوەو جێگایان نەماوە.

ئەو لێکۆڵەرە لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی "دوای شەش مانگ هەوڵ و گفتوگۆی برادەران و حاکم تۆفیق و یەکێتی مافپەروەران توانیان قەناعەت بەوەزارەتی دارایی بهێنن کەئەو غەدرە چی دیکە نەهێڵن و ئەو دەرماڵەی لێمان ڕۆیشتووە بۆمانی بگەڕێننەوە" بەڵام گوتی ئەو خۆشیە تەمەن کورت بوو، دوای دوو ڕۆژ وەزارەتی دارایی لەبڕیارەکەی پەشیمان بۆوەو بڕیارێکی دیکەی دەرکرد کەتەنها ١٠٠ هەزارمان پێبدرێت، بەمەش لەماوەی ٣ مانگدا ٣٠٠ هەزاری هەر لێکۆڵەرێك بەبێ هۆ خورا.

سروە حەمیدیش کەلێکۆڵەرێکی ئافرەتە ئەو بڕیارانەی وەزارەتی دادی بەغەدرو هەقخواردن لەقەڵەمداو گوتی "لەمانگی دوانزەی ساڵی پارەوە بڕیاری سەرف کردنی دەرماڵەی ترسناکی بۆ لێکۆڵەرەکانی ناو دادگاو فەرمانگەکان دەرچوو کەچی ئێستا نیوەیان خواردووە ئەمەش بەبێ هیچ بیانویەك، ئەو پشتگوێ خستن و غەدرەی وەزارەتی دارایی لەئێمەی دەکات زۆر ئاشکرا دیارە". مانگرتنی لێکۆڵەرە دادییەکانی ناو دادگاکان و فەرمانگەکان بۆ ٣ مانگ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر هەموو لێکۆڵەرەوەکان دەستیان لەکار هەڵگرت و لێکۆڵەر سەباح سەعدون لەناو قسەکانی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وا بۆ ساڵێك دەچێت بەبێ هیچ هۆیەك مافیان دەخورێت لەکۆی ٣٠٠ لێکۆڵەری دادیی تەنها لەسێ مانگی ڕابردوودا ٦٠ هەزار دۆلاریان لێخوراوە واتە هەر یەکێکیان ٢٠٠ دۆلاری لێخوراوە.

لێکۆڵەر سەباح ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەئەوان لەڕەوشەکە تێگەیشتوونەو گلەییان لەوەزارەتی دادو سەرۆکایەتی دادگا نییە لەکاتێکدا ئەوان وابۆ چەندین جار نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی بکەن. ئەو هۆکاری سەرەکی ئەو کێشەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کەوەزیری داد یەکگرتووەو ئەو کێشەیە زیاتر ململانێیەکی سیاسییە.

# (ڤالانتاین)ی ڕاستەقینە لەهەولێر بوو

## "خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ خۆنیشاندانەکەی ٢٠٠٦/٢/١٤ی هەولێر"

**ڕێدار ئەحمەد**

چەند نەزانینە خۆشەویستی تەنها لە پەیوەندی نێوان کوڕو کچێکدا کورت بکەینەوەو بە پێشکەشکردنی گوڵێکی سوور لە (٢/١٤)دا گوزارشتی لێ بکرێت.

ئەم کورت کردنەوەی خۆشەویستی تەنها نەزانی و سپڵەیی دەردەخات.. ئەوەی لەهەرێمی کوردستانی ئێمە لەو ڕۆژەدا دەیبینین وادەکات بەزەییمان بەخۆشەویستیدا بێتەوەو ئەویش وەك زۆر زاراوەو باسی دیکە غەدری لێ بکرێت.

خۆشەویستی ئەو هەستە مەزنەیە کە ژیان جوانتر دەکات و مانای گەورەتری پێدەبەخشێت، ناکرێت و نابێ تەنها بۆ نێوانی کوڕو کچێك بێت کە زۆر کات ناکام بووە. بەداخەوە ئەوەی باس نەکراو دەبوو ڕۆشنایی بخرێتە سەر نەك ئاوها لەڕۆژێکدا بەڵکو لەگشت سات و ڕۆژێکداو لەو ڕۆژەشدا زیاتر خۆشەویست دایك و باوك... خوشك و برا.. هاوسەر.. دۆست و برادەری دڵسۆز.. باس لەو هاوسەرە بەوەفایانە بکرایە کە هاوشانی پیاوەکانیان خەباتیان کرد لە شاخ و لەشار بەتەنیا مانەوەو ژنیان بەسەردا هێنان. کێ لەئێمە بیری لەوە کردەوە لەو ڕۆژەدا گوڵێکی سوور پێشکەش بەوانە بکات.

ئالێرەوە دەچمە سەر خوێندنەوەم بۆ خۆپیشاندانەکەی هەولێر، کە لای من مەزنترین (ڤالانتاین) بووە، نەك وەك ئەوەی هەندێ نووسەری لەمەڕ خۆمان لەخۆشەویستیان دوور خستبووەوە، بێ ئاگا لەوەی پاکترین خۆشەویستی ئەو خەڵکەی هێنابووە سەر شەقامەکان.. گردبوونەوەیەك نە دەسەڵات بڕیاری بۆ دابوو، نە لەقوتابخانەو فەرمانگەکانەوە قوتابی و فەرمانبەریان بۆ هێناوەو، نەچوونەتە بەردەم ماڵان و کارتیان پێ بدەن سبەی بەشداری هەڵبژاردن بکەن و لەوێ کارتەکانیان لێ وەربگیرێتەوە.. نا.. خۆشەویستی هانی ئەو خەڵکەیدا بێتە سەر شەقام و دەنگی نارەزایی بڵند بکات، لەخۆپیشاندانێکدا کە گەورەترین ئاڵای کوردستانی بە قەبارەی چوار مەتر بەشەش مەتر لەپێشیانەوە هەڵگرتبوو. خۆپیشاندانێك تەنها ٢٤ کاتژمێر وادەی بانگەشە بوو بۆی، تەنها چەند دەزگایەکی کەمیش ئاگاداریەکەیان خوێندەوە. بەڵام خۆشەویستی پیاو و ئافرەتی بەتەمەن، مامۆستای ئاینی و شێخانی تەریقەت و موریدو دەروێشان، سەلەفی و سۆفی، کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزووتنەوە، هەموو ئەوانەی ڕوو لەقیبلەن کۆبکاتەوە، بگرە خۆشەویستی پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) وای لەهەندێ کەسی دوور لەنوێژیش کرد بەشدار بێت. خۆشەویستییە وا لەئافرەتێکی ناکام دەکات بەسەر کورسیەوە بێت بەشدار بێت، وا لەپیرێکی ڕدێن سپی دەکات بەبەرگی حەجەوە لەو ڕۆژە ساردەدا بێت و بەشداربێت. بەڵێ خۆشەویستی محەممەدە (درودی خوای لێ بێت) کە بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و زایەندی لەپشت نییە هەموو ئەو خەڵکەی کۆکردەوە.

من گلەیی لەو نووسەرانە ناکەم، چونکە لەوە زیاتریان لێ چاوەڕوان ناکرێت، بەڵکو مەبەست خستنە ڕووی واقیعکە وەك خۆی.. ئەگینا من دەمێکە لەوە گەیشتووم بڕێکی زۆری ڕووناکبیرانی کورد تێڕوانینیان بۆ ئیسلام و ئیسلامیەکان چۆنە.. هەر ئەوەش وای لێکردون لەڕووی ژمارەی بەشداربووان کەم بکەنەوەو هەندێ دروشمی بچووك و کەم زەق بکەنەوە لەجێی دروشمە دیارو بەرچاوەکان. لەخۆپیشاندانێکی وابەرچاودا غەدر لەئیسلامیەکان بکرێت کە لەشارەکەی خۆماندا و لەبەرچاومان ئەنجامدراوە سەیرە، کەمکردنەوەی هەڵوێست و خەباتی وەك ئیسلامیەکان هەر هێندە نییە، ئەوەتا نووسەرێکی دیکە دێت و لەباسی خەباتی ئیسلامیەکاندا دەڵێت: ئیسلامیەکانی ئێرە نەك تەقەقەیەکیان دژی بەعس نەبووە. ئەم قسەیە لەکاتێکدا خەباتی هێزی چەکداری ئیسلامی لەدژی بەعس هێندە بەرچاوە بەبێژنگ بەری ناگیرێت، ڕەخنە لەو نووسەرە زۆر نییە کە ئەو قسەیە بکات، چونکە لەوانەیە لەسەنگەرەکانی پێشەوە نزیك نەبووبێت، وەك نموونەش شەهیدکرانی کەیوان و هاوڕێکانی لەدەزگاکانی ئەمن و چەندین سەرکردەی دیکەی ئیسلامی لەبەندیخانەکانی بەعسدا نموونەی بەرچاون، داستانی قەڵاتوکان و نەبەردیەکانی دیکەی ناوچە جیاوازەکانی بتوێن – پشدەرو بەشداری کارایان لەڕاپەڕیندا نموونەی بەرچاون، لەداستانی کۆڕێدا ١١ کەس شەهیدبوو ٦ یان بەتۆپباران گیانیان لەدەستدا لەپێنجەکەی دیکە دوانیان ئیسلامی بوون کە یەکێکیان فەرماندەی هێزبوو. نموونەی دیکە زۆرن، وتەو لێدوانی سەرکردەی حیزبەکانی دیکەش لەم بوارەدا هەیە بەجێی دەهێڵم بۆ کات و دەرفەتێکی دیکە.

بەداخەوە.. ڕووناکبیرانی کورد حەزناکەن ئیسلامیەکانی کوردستان بەشداری خەبات دژی بەعس بکەن، حەز ناکەن لەئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا پشکدار بن، خەم خۆری خاك و خەڵکی کوردستان بین. لەکاتێکدا لەسەرووی ئەوانەوە ئیسلامیەکان خاوەنی ئەوە سەروەریەن کەبەشداری وتووێژیان لەگەڵ ڕژێمی بەعس نەکرد. زۆر شتی دیکە هەیە لەم ڕووەوە وەك نموونە بخرێتە ڕوو، دەیسەلمێنن ئیسلامیەکانیش وەك پێکهاتەیەکی سیاسی و سەرەکی ئەم وڵاتە چالاکانە بەشداری خزمەتکردنی ئەم خاکەیان کردووە. لەکۆتاییدا هێندە دەڵێم.. ئەگەر مەبەستمان شادی و ئازادی وڵاتەکەمانەو پەرۆشی سەربەخۆیی و ئایندەیەکی گەشین بۆی بابەسوك سەیری خەبات و قوربانیدان و هەڵوێست و کارەکانی یەکتر نەکەین و، خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان بکەینە مەیدانی کاری پێکەوەیی و زیاتر برەوی پێ بدەین.. هەروەك پێشتریش لەبابەتێکدا لەڕۆژنامەی هاووڵاتی نووسیم لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە دوژمنانمان هەموو ناکۆکیەکانی نێوانیان وەلا دەنێن بۆ ئەوەی یەکڕیز لەدژمان بوەستن، جائێمە بۆ خاڵی هاوبەشی نێوانی خۆمان فەرامۆش بکەین و یەکڕیزیمان بەدەستی خۆمان تێکبدەین؟!

ئێوە وەڵام بدەنەوە..

Redarus@yahoo.com

## پرسەنامە

خامە وەرە لەگەڵ تاسەم لەگەڵ شەپۆلی هەناسەم
زوویر مەبە لە پەنجەما لە گێژاوی ئەم باسەما

( شێخ ئەنوەری شاعیر )

**براو هاوڕێمان کاکە هوشیار - خوشکی ئازیزمان لەعلییە خان.**

لەم وڵاتی غوربەتەوە، چاوانمان، دڵمان نوقمی خەمێکی گەورەیە، بە لەدەستدانی هاوڕێیەکی ئازیزمان، بە کۆچی نەورەسێکی باڵ سپی و سەراپا پاکژ لەجوانی شیعرو ئەوینی هاوڕێیەتی، ئێستا ئێمە هەر هەموومان لەماڵەکانی تاراوگەوە پرسە دەگێڕین بۆ باڵای شیعرو بۆ مەزنی هاوڕێمان (شێخ ئەنوەر)ی شاعیر، ئێمە هەر هەموومان غەمبارین بەم کۆچە ناوادەیە، لێرەوە پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خوشکی ئازیزمان (لەعلییە)خان و کاکە (هوشیارو گشت جگەرگۆشەکانی) برای شاعیرمان دەکەین، سەرەخۆشی لەبنەماڵە بەڕێزەکەتان و گشت هاوڕێیان و خۆشەویستانی ماڵە زامدارەکەی (خاك و ئەوین و غەریبی) دەکەین و بەهەشت جێگەی ڕۆحە پاکژەکەی شاعیر (شێخ ئەنوەر) بێت.

دڵسۆزانتان

(جەمال غەمبار، دلاوەر قەرەداخی، قەیس قەرەداخی، بەرزان هەستیار، ئومێد شێخ حسێن، ئاسایش عوسمان دانش، عیزەت ڕەووف، شۆڕش قادر، فەرهاد محەممەد، ئومێد محەممەد، سیروان جەمال، کاوان قادر کابان، ئەکرەم عەلی، میران ئیبراهیم، غەمگین فەرەج، هونەر دیلان، ئاریان نوری، دەستەی نووسەرانی ماڵپەڕی چراکان، فاروق هۆمەر، هەژار مارف).

میدیا

جێگری سەرنووسەر
بێستون نوری
٤٤٩٧٩٨٣

بەرپرسی دارایی و کارگێڕی
عەبدوڵڵا قڕگەیی
٤٨٨٥٦٩٦

دەستەی نووسەران
فازڵ نەجیب
دەشتی سەباح
حوسێن هیممەتی
ئەمیر ئیسماعیل
شوان تاڤینگ
سالار بابەشێخ
ساڵح قادر
تۆڵە مەهدی

میدیا لە ئینتەرنێت دا:
www.yndk.com
پۆستی ئەلکترۆنی
midya@yndk.com

پەیوەندی کردن بەفاکس لەگەڵ میدیا لەڕێگەی (سەنتەری سەفین)ەوە دەبێت بەم ژمارەیە:
Fax: 0044 207 180 3333

هەولێر – شەقامی سوڵتان موزەفەر تەنیشت کۆمپانیای بابان
تەلەفۆن: ٢٥١٢١٠١ - ٢٢٣٥٠٨٣

پیت چنین و نەخشەسازی:
نووسینگەی دەریا